# دەستوری سیناریۆی رەش

**رێبوار ئەحمەد**

هەر لەسەرەتاوە هیچ گومانێك لەوە نەبوو کە ئەم سیناریۆ گالتەجاریە هەر ئەم دەستوری سیناریۆی رەشەی لێدێتەدەرەوە. لە هەلومەرجیکدا کە کۆمەلگا لە ناو جەنگو داگیرکاریو تیرۆریزمو داروخاندا نوقم کرابیت، ئامانج لە بەریخستنی هەراو هوریای دارشتنی دەستور لەلایەن داگیرکەرو دەستو پیوەندو هیزە بەکریگیراوەکانیەوە، تەنها دریژەدان بەم هەلومەرجەو داسەپاندنی یاسای جەنگەلە بەسەر کۆمەلگادا. هیزە کۆنەپەرستە قەومیو دینیەکان، کە هەموو میژووی سیاسیان، پیلانگیرانو ساتو سەوداو هەراج کردنی مافەکانی خەلك بووە، هەرچۆن لە حصاری ئابوریو برسیتیو مەرگی خەلك کەلکیان وەرگرت بۆ خۆ بردنەپیشەوە، هەرچۆن لە جەنگو داگیرکاریو داروخاندنی کۆمەلگا کەلکیان وەرگرت بۆ خۆگەیاندن بە کورسی حوکم، دەیانەوێ لەهەلومەرجیکی کارەساتباری بەم جۆرەش کەلك وەرگرن بۆ داسەپاندنی ئەحکامو یاساو نەریتی دارزیوی خۆیان بە ناوی دارشتنو پەسەندکردنی دەستوری نوێی عیراقەوە.

بۆیە لە پیشدا مەسەلەی ئەصلی ئەوە نیە کە جەماوەری خەلكو تویژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەلگا بکەونە پشکنینی دەستوری پیشنیارکراو بۆ گەران بەدوای مافەکانی خۆیاندا، یان بەراوردی خواستو ئارەزوەکانی خۆیانو ناوەرۆکی ئەم دەستورە بکەن، چونکە خودی ئەو نەخشەو پلانەی بەرپاکراوە، لە بنەرەتدا بۆ ئەوەیە مافو ئیرادەو ئامانجە ئینسانیو پیشکەوتوانەکانی خەلك وردوخاش بکات، هەلویستی دروستو شایستە لەم پرۆسەیە ئەوەیە کە دەبێ سەرجەمی سیناریۆکە بە هیزو ئیرادەی خەلکی ئازادیخوازو بەرەی ئازادیو سکولاریزم تیکبشکیت. هەر لەم چوارچیوەیەشدا دەستوری فاشیانەی قەومی-ئیسلامی پیشنیارکراو دەبێ پیش ئەوەی گالتەجاری "ریفراندۆم" بۆ شەرعیەت پیدانی بەرپا بکریت، تێی هەلدریتو فریبدریتە زبلدانی میژووەوە. ئەمە لە ئیستادا مەیدانیکی خەباتو نەبەردی ئەصلی خەلکی ئازادیخواز پیکدەهینیت، لە پیناو کۆتاییهینان بە وەزعی کارەساتباری ئیستاو پیکهینانی هەلومەرجیکی ئارامو ئازاد کە بکریت لە سایەیدا هەم سیستەمی ئایندەی حوکمرانیو هەم دەستوریك کە مافوئازادیەکانی خەلك مسۆگەر بکات، بە ئیرادەی هوشیارانەو ئازادانەی خەلك بریاری لیبدریت.

بەلام سەرنجیکی کورت لە ناوەرۆکی دەستوری پیشنیارکراوو هەندیك لەلایەنو بەندە سەرەکیەکانی بۆ خۆی بەلگەیەکی بەهیزە بۆ سەلماندنی ئەو راستیانەی سەرەوەو نیشاندانی ئەوەی کە ئەم دەستورە، دەستوری سیناریۆی رەشە، بۆ ئەوە داریژاراوە کە کۆمەلگا لە ناو سیناریۆی رەشدا رابگریت، نەك ژیانی مەدەنی سازبداتەوە. با لەم بارەیەوە سەرنجی ناوەرۆكو لایەنە سەرەکیەکانی ئەم رەشنوسە بدەین.

### ئیسلامی بوونی دەستور

ئەم رەشنوسە رەشە، دینو ئەحکامو شەریعەتی کۆنەپەرستانەی ئیسلامی کردوە بە بنەماو سەرچاوەی هەموو یاساکانی وولات. ئیسلامی وەکو دینی رەسمی دەولەت راگەیاندوە. ئەم برگەیە هەر بە هەمان شیوە کۆلەکەیەکی ئەصلی دەستوری فاشیانەی رژیمی درندەی بەعسی پیکدەهینا. کەچی دوای بەریخستنی شەریکی خویناویو کارەساتەکانی جەنگی "پرۆسەی ئازادی عیراق"، دوای بارانی دیموکراسی بەسەر کۆمەلگای عیراقدا، دوای فروفیشالی "ریشەکیش کردنی بەعس"، هەمان ناوەرۆکی چەپەلی دەستوری بەعس دەکەن بە دیاری بۆ خەلکی عیراق.

تەنها ئەم بەندە بەسە بۆ سەلماندنی ئەوەی کە ئەم رەشنوسە، تەرحیکی فاشیانەو دژی ئینسانیەو ناکۆکیەکی کویرانەو لە ئاشتی نەهاتوی لەگەل هەموو ئاواتو ئارەزووە پیشکەتوانەو ئینسانیەکانی خەلکدا هەیە. ماهیەتی لیکچویی دەستوری رژیمی بەعس لەگەل دەستوری رژیمیك کە بەسەرپەرشتی ئەمریکا خەریکە لەلایەن ئاخوندو سەرەك قەومە کوردو عەرەبەکانەوە بەسەر خەلکی عیراقدا فەرز دەکریت، بەلگەی بەهیزی لیکچونی ئەم دوو رژیمەیە. بەلگەی حاشاهەلنەگری ئەوەیە کە ئەمریکاو دەستو پیوەندەکانی دەیانەوێ رژیمی بەعس لە بەرگیکی تازەدا بەسەر خەلکدا بسەپیننەوە. بەلام لەمەش زیاتر دەستوری پیشنیارکراو هەمان ئەو دەستورو یاسایەیە کە ئەفغانستانی کرد بە جەنگەلستانو ئیرانی کرد بە جەهەنم. سەپاندنی حوکمو یاسای چەتەکانی تالیبانو ئاخوندە چنگ خویناویەکانی ئیران بەسەر خەلکی عیراقدا، دیاری گەورەی ئەو "پرۆسەی ئازادیو خیروبەرەکەتی دیموکراسیەیە" کە بۆش و بلیر هاتو هاواریان بۆ دەکردو عەلاویو حەکیمو تالەبانیو بارزانیو چەلەبیو...سەمایان بۆ دەکرد.

دەستوریك کە ئیسلام بکات بە بنەما، مانای شمشیری دوو فاقەی لەسەر ملی ئازادیو ئینسانیەتو مافە سەرەتاییەکانی ژنانو کریکارانو لاوانو مندالانو سەرجەم خەلك داناوە. شەریعەتی ئیسلامی لەگەل ئینسانو مافی ئینسان نایەتەوە. ئینسانی ئازاد بە عەبد پیناسە دەکات، کۆیلایەتیو سەنگەسارو زیندانی نیوان چوار دیواری مالو لیدانو سوکایەتی کردن دەکات بە بەشی ژنان، یاسای "کاری هەرزانو کریکاری خامۆش" بەسەر کریکاراندا دەسەپینێ، هەموو ئارەزوویەکی پیشکەوتوانەو مودیرنانەی لاوان لە ناو ریشو شەلاقکاریو عەمامەدا دەخنکینێ، مندالان بۆ ژیرباری کوتەککاریو تۆقاندنو دەستدریژی سیکسی پەلکیش دەکات. کۆمەلگا نوقمی تاریکیو بەربەریەت دەکاتو هەموو خۆشیو شادیو ئازادیەك دەخاتە ژیر پێلەقەی حوکمی مەلاو ئاخوندو سەرەك خیلو عەشیرەتەوە. هەر ئەو حوکمەی کە ئیسلام وەکو دینی رەسمی دەولەت رادەگەیەنێ، بەسە بۆ ئەوەی دانیشتنو ژیان لە ملیۆنەها هاولاتی حەرام بکات کە بێدین یان خاوەنی دینیکی جیاواز لە ئیسلامن. ئەوانەی لە پشتی ئەم رەشنوسە چەپەلەوە راوەستاون، بە تایبەت ئەوانەیان کە فروفیشالی عەلمانیەت دەکەن، بەهانەو پاساوەکەیان هەرچیەك بیت، خەریکن تاوانیکی گەورە دژی خەلكو کۆمەلگای عیراق ئەنجام دەدەن.

1500 ساڵ تەجروبە کردنی حوکمی ئیسلام لە جیگا جیاجیاکانی جیهاندا هیچ گومانیکی لەسەر ئەو راستیە نەهیشتوەتەوە کە پیناسەی ئازادیو دیموکراسی بە پیوانەی ئیسلامیو لەسەر بناغەی ئەحکامو شەریعەتی ئیسلام، لە پوچیش پوچترە. ئیسلامی بوونی دەستور ناونیشانیکە بۆ گەورەترین هەلاواردنو کۆیلایەتیو بی مافیو بەربەریەت. ئازادی بەپێی شەریعەتی ئیسلامی، واتە سەربرینی ئازادی بیرورا، واتە داخستنی دەمی هەرکەس کە بەپیچەوانەی ئیسلامو بۆ رەخنە لە ئیسلام دەم بکاتەوە. واتە لە قالبدانی عەقلو ویژدانی ئینسانو مەحکوم کردنی بە ملکەچی بۆ ئەو بیرواو حوکمە پوچانەی کە گوایە لە ئاسمانەوە هاتونەتە خوارەوە. مافی ژنانو یەکسانیان لەگەل پیاواندا بەپێی شەریعەتی ئیسلامی، واتە زەقترین هەلاواردنو کۆیلایەتیو ژیردەستەییو سەنگەسار، واتە چەندژنەو دەستو قاچ شکاندنو حەشاردانیان لە نیو حیجابو چارۆکەی رەش، واتە سوکایەتیو سەپاندنی حوکمی"ناقص العقل"بوون بەسەر ژناندا. مافی کریکاران بە پێی شەریعەتی ئیسلام، مانای ملکەچیو رەزایەتو شوکربوونە بە ستەمو چەوسانەوەو هەژاریو برسیتی بە ووینەی چارەنوسیك کە بەدەر لە ئیرادەی خۆیان لە ناوچەوانیان نوسراوە. مانای حەرام کردنی نارەزایەتیو راوەستانە دژی زولمی سەرمایە بە ووینەی "حەسودی بردن بە مالی دەولەمەندانی خواپیداو"و ناشوکری بۆ بەشیك کە "خودا بە عەبدەکانی خۆیداوە". چاودیری منداڵان بە پێی شەریعەتی ئیسلامی واتە یاسایی کردنی لیدانو سزادانی منداڵان وەکو شیوەیەکی سەرەکی پەروەردەکردنو بارهینانی ئیسلامی، واتە چاندنی ترسو خۆفو دلەراوکە، وەکو پیویستیەکی بارهینانی منداڵان لەگەل نەریتی ئیسلامی، واتە راکیشانی منداڵان لە 7 سالیەوە بۆ حوجرەو مزگەوتو ئیتاعەت، واتە چاندنی گیانی توندوتیژیو پیاوسالاریو جیهادو تیرۆرو خۆکوژی لە ویژدانی منداڵانو بەرهەم هینانی جیلی تازە بۆ تاوانو تاوانکاری، واتە دەستدریژی سیکسی بۆ سەر منداڵان....بۆیە هەر فروفیشالیك کە لەم دەستورەدا سەبارەت بە مافو ئازادیە سیاسیو مەدەنیەکان، مافەکانی کریکارانو ژنانو منداڵانو ....کرابیت، تەنها بەو بەندەی کە ئیسلام وەکو دینی رەسمیو بنەمای یاسا راگەیەنراوە، ماناو ناوەرۆکەکەی بە تەواوی پیچەوانەکراوەتەوە.

## قەومی بوونی دەستور

کۆلەکەیەکی دیکەی ئەم رەشنوسە تاسەرمۆخ کۆنەپەرستانەیە، شوڤینیزمو قەومپەرستیو دەمارگیری قەومیە. لە پیشدا دەیەوێ هاولاتیان بەپێی پیناسەی قەومی دەستەبەندی بکات، بەم پیەش خەتی سورو دیواری ئەستور لە نیوانیان دابنێ، وەکو کۆمەلیك بونەوەری جیاواز لەیەك، کە هەرکامیان بەپێی زمانی قسەکردن دەیانکات بە بونەوەریکی تایبەتو مافو بەرژەوەندی جیاوازو ناکۆك بە یەکیان بۆ دادەتاشیت، لە بەرامبەر یەکتردا رایاندەگریت، پاشان لەسەر ئەم بناغەیە لە ناو قەوارەیەکی یەکپارچەدا، مافو زەویو ئاوو ئوکسجینی وولات بەسەریاندا دابەش بکات. هاولاتی بە پیناسەی مودیرنی هاوچەرخ، لە کۆمەلگای عیراقدا بەبێ پاشگریك کە هەویەی قەومی بەبەردا بکات، هیچ مانایەکی نەماوەتەوە. "کوردو عەرەبو تورکمانو ئاشوریو کلدان..".تەنانەت زۆریك لەو دەستەواژە کۆنو بەسەرچوانەی کە لە بیری هاولاتیان چوەتەوە، هەموو لەم رەشنوسەدا دەمەزرد کراونەتەوە بە ووینەی پیناسەی میللی هاولاتیان تۆمارکراون.

دوای ئەم تەقسمبەندیە حەقیرو کۆنەپەرستانەیە، ئینجا مافی هاولاتیان بەپێی ژمارەی ئەو هاولاتیانەی خراونەتە هەریەك لەو قالبانەوە، دیاریکراوە. قەومی "عەرەب" بەو پێیەی کە ژمارەیان لە هەموان زیاترە، مافیشیان لە هەموان زیاترە، بە دوای ئەودا قەومی "کورد"و بەم جۆرە تا لیستەکە دیتە خوارەوە مافەکانیش کەمتر دەبیتەوە. بەم پیوانەیە کە هەر قەومە بەپێی ژمارەی خۆی مافی بۆ دیاریکراوە، گوایە یەکسانیان لە نیوان هاولاتیاندا دروست کردوە. بەلام لە واقعدا ئاشکراترین هەلاواردنو نایەکسانیان بە دواکەوتوانەترین پیوانە بەسەر خەلکدا فەرز کردوە. گومان لەوە نیە کە ئەصلی مەبەست لەم دەستەبەندیە بە هیچ جۆریك مافی هاولاتیانی سەر بە قەومەکان نیە، بەلکو دابەشکردنی دەسەلاتە لە نیوان سەرەك قەومەکان. بۆیە لەم بارەیەوە تەنانەت پەنادەبریت بۆ داتاشینی قەومی تازە، یان گالتەجاری قرتاندنو گریدانەوەی پارچەو پاشکۆی تازە بە قەومەکانەوە دیتە ئاراوە. بۆ نمونە ئەگەر "فەیلیەکان" بە "کورد" لە قەلەم بدرین، بەشی تالەبانیو بارزانی پی زیاد دەبیت لە دەسەلاتدا، بۆیە حەکیمو جەعفەری پەلەقاژەیان کرد کە بە "فارس" لە قەلەمبدرین بۆ ئەوەی خۆیان وەکو بەکریگیراوی جمهوری ئیسلامی ئیران، شیربابییەکەیان وەرگرن. لە سایەی دەستوریکی بەم جۆرەدا هیچ هاولاتیەك تا ناسنامە میللیەکەی دەرنەهینیت، نازانی چ مافیکی هەیەو چی پی دەبریت.

بەلام ئەمە تەنها لایەکی کارەساتەکەیە، لایەکەی دیکەی ئەوەیە کە ئەم تەقسیمبەندیو ماف دابەشکردنە، کە هیشتا وەکو رەشنوس خراوەتەروو، دوای چەندین بینەوبردەو کیشمەکیش، بە زەختی ئەمریکاو بەریتانیا، ساغکراوەتەوە. بەلام گومان لەوە نیە هەر وەکو خۆیان دەلین، ئەم دەستورە بە تەواوی ئارەزوو و "مافی" هیچ لایەکیانی بەدینەهیناوە، بە مانایەکی تر هەر لایەکیان ناچاربوە لە بەندو بەستدا، بۆ ئەوەی بە ئەنجامیکی هاوبەش بگەن، لە هەندیك لە خواستەکانی خۆی بیتەخوارەوەو خواستی رەقیبەکەی قبول بکات. ئەمەش مانای ئەوەیە ئەم قەومو عەشیرەو مەزهەبانە رەقیبی یەكو خاوەن بەرژەوەندی ناکۆك بەیەکن. بۆیە شەری دەرهینانی بەشی زیاتر لە سکی ئەوی تر، هەمیشەو هەموو رۆژە لە ئارادا دەبیت. لە هەموو فرسەتو ئالوگۆرو لیکترازانیکی هاوکیشەی سیاسیدا، جاریکی دیکە دابەشکردنەوەی بەشەکان دیتەوە گورێو لەم پیناوەشدا دەورەی تازەی کیشمەکیش دەست پیدەکاتەوە. ئەو جەماوەرەی کە بە زۆر مۆری قەومی لە نیوچەوانیان دراوە، بەبێ ئەوەی هیچ بەرژەوەندیەکی ناکۆك بە یەکیان هەبیت، دەکرینە خۆراکی شەروکیشەی دابەشکردنەوەی دەسەلات لە نیوان حەکیمو جەعفەریو عەلاویو تالەبانیو بارزانیدا.

## ناسیونالیزمی عەرەبو دەستور

ناسیونالیزمی عەرەب وەکو بزووتنەوەیەکی شۆڤینیستی بەردەوام لە روانگەیەکی فاشیانەو ستەمکارانەوە دەورانیتە دەستورو یاساکانی کۆمەلگای عیراق. ئەم بزووتنەوەیە کۆمەلگای عیراق بە مولکی خۆی دەزانیو دانیشتوانی غەیرە عەرەبزمانی عیراق بە میوانو هاولاتی پلەدوو چاو لی دەکات. لە روانگەی ئەم بزووتنەوەیەوە عیراق بەشیکە لە نیشتمانی عەرەبو دەولەتەکەیشی دەولەتیکی عەرەبیە. یەکپارچەیی خاکی عیراق بە یەکیك لە مقدەساتی خۆی دەزانێو هەر قسەیەك لەسەر دابەشکردنی خاکی عیراق بە کفریکی گەورە دادەنێ کە دەبی بە ئاگرو ئاسن سەرکوت بکریت. رژیمی فاشیستی بەعسو صدام حسین بەرهەمو دەرهاویشتەی ئەم نەریتو

بزووتنەوەیە بوون، کە لە دەیان سالی رابردوودا بە شۆڤینیزمو پاکسازی قەومیو سەرکوتی خویناویو کمیابارانو ئەنفالو تەعریب کردن، نوینەرایەتی ئامانجو ستراتیژی ناسیونالیزمی عەرەبیان کرد لە عیراقدا.

جەنگی ئەمریکا لە دژی عیراق، زەربەیەکی گەورەی لە ناسیونالیزمی عەرەبداو دەورو جیگاوشوینی ئەم بزووتنەوەیەی لە هاوکیشەی سیاسی عیراقدا لاوازکرد. ئاکامی ئەم زەربەیە ناسیونالیزمی عەرەب لە ئیستادا لە ساحەی عیراقدا نوینەرو رابەرو ریکخراویکی لیهاتووی نیە. بۆیە لە کیشمەکیشو شەری دابەشکردنی دەسەلاتو لە خودی رەشنوسی دەستوردا، جیگایەکی لاوازی هەیەو ئامانجە موقەدەسەکانی کەوتونەتە بەر خەتەر. بە تایبەتی فیدرالیزەکردنی عیراقو کالبونەوەی پیناسەی عیراق وەکو بەشیك لە نیشتمانی عەرەبو دەولەتیکی عەرەبی، ناسیونالیزمی عەرەبی وەکو بزووتنەوەیەکی بریندارو زەربە خواردوو، وەکو بزووتنەوەیەك کە بەدەستی "داگیرکەری بیگانە" شکستدراوە، دوچاری هستریا کردووە. بۆیە بە هەموو تواناوە کەوتووەتە بزواندنی هەستی دەمارگیری قەومی عەرەبی. چ لە ئاستی عیراقو چ لە ئاستی دنیای عەرەبدا، نوینەرانو قسەکەرانی ئەم بزووتنەوەیە لە روانگەیەکی فاشیستیەوە نیگەرانیو نارەزایەتی خۆیان لە رەشنوسی ئیستا دەردەبرن.

کاردانەوەو هەلویستی ناسیونالیزمی عەرەب بەرامبەر دەستوری پیشنیارکراو، لە هەلومەرجو فەزای سیاسی ئیستای عیراقدا، کە بازاری قەومپەرستیو ناسنامەی قەومی گەرم کراوەو بووە بە بنەمایەك بۆ دەستەبەندی کردنی هاولاتیان، هەرەشەیەکی گەورەیە بۆ گلپەسەندنی شەری پاکسازی قەومی. هەر دەرفەتیك بۆ بەخۆداهاتنەوەو توانا پەیداکردنەوەی ئەم بزووتنەوەیە برەخسیت، بە باراندنی رقو کینەی قەومی بەرامبەر ئەوانەی کە بە پشتیوانی "هیزی داگیرکەر" مقدەساتو خاکی عەرەبیان خستوەتە ژیر پێوە، گۆماوی خوین بەریدەخات. ئەمە بۆمبیکی گەورەو کۆکوژە کە لە نیو ئەم رەشنوسی سیناریۆی رەشەدا چینراوە.

### ناسیونالیزمی کوردو دەستور

ناسیونالیزمی کورد سالەهایە ستەمی میللی لەسەر خەلکی کوردستان بەکاردەهینیت بە مەبەستی دەستەبەرکردنی مەرامو ئامانجەکانی خۆی، کە بریتیە لە گەیشتن بە دەسەلاتی سیاسی یان شەریك بوونەوە لەو دەسەلاتە. دەیان سالە لەم پیناوەدا ساتو سەودا بە مافو خەباتو قوربانیەکانی خەلکی کوردستانەوە دەکات. دەستوری پیشنیارکراو نمونەیەکی زەقی ئەم ساتو سەودایەیە. حیزبەکانی ئەم بزووتنەوەیە لە پشتی بە ئەفغانستان کردنی عیراق رادەوەستنو وەکو هەمیشەش دەست دەخەنە ناو دەستی شۆڤینیزمی عەرەبەوە لە پیناو ئەوەی بەشی خۆیان لە دەسەلات مسۆگەر بکەن. ئەمە هەر دریژەی ئەو سیاسەتە چەپەلەیە کە لە ژیرناوی "بەرژەوەندی کورد"دا لاملی صدامیان ماچ کردو وتیان ئیمە لە پشتەوە خەنجەر لە سوپای عیراق نادەین، دواتر بە هەمان پاساو پێشلەشکری سوپای پاسدارانیان کرد بۆ سەر بیرە نەوتەکانی کەرکوك. سالی 1991 لەگەرمەی سەرکوتی خەلکی کوردستانو جنوبی عیراقدا بە دەستی رژیمی بەعس، دووبارە لە ژیرناوی "بەرژەوەندی کورد وا دەخوازێ" گەیشتنەوە بەغداد بۆ ماچکردنەوەی لاملی صدام. دوای ئەوە بە هەمان پاساو 13 سال پشتیوانیان لە سیاسەتی دژی ئینسانیو کۆکوژی حصاری ئابوریو مەرگەساتی خەلکی عیراق کرد، پشتیوانیان لە بۆمبارانی شارەکانی عیراق کرد...حیزبەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی لە پیناو مەرامە کۆنەپەرستانەکانی خۆیاندا، بە دریژایی میژویان "بەرژەوەندی کورد"یان ئاویتەی دژی ئینسانی ترینو دواکەوتوانەترین سیاسەتو ستراتیژو ملهورترینو تاوانبارترین هیزو دەولەتانی جیهانو ناوچەکە کردوە. لەم دەستورەدا بۆ چەندەهەمین جار ئەم کارە چەپەلەو ئەم سیاسەتە کۆنەپەرستانەیە دوپاتکراوەتەوە.

خەلکی کوردستان دوای دەیان سال سەرکوتی خویناویو ستەمکیشیو هەلاواردن، لە هەلومەرجیکی جیهانی تایبەتدا، بواریان بۆ کرایەوە کە خۆیان لە ژیردەستی رژیمی بەعسی ناسیونالستی-ئیسلامی بهیننەدەرەوەو دابرانیکی دیفاکتۆ شکلپیبدەن. حیزبەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی لە سالی 1991 ەوە تا کاتیك رژیمی بەعس لەسەرکاربوو، بەردەوام خەریکی ساتو سەودا بوون بە مافەکانی خەلکی کوردستانەوە لەگەل ئەم رژیمەدا. بەلام رژیمی بەعس ئامادە نەبوو لەم مامەلەیەدا خواستەکانی ئەوان بسەلمینێ. پاش روخانی رژیمی بەعس دەرگای ساتو سەوداو مامەلەیەکی هەرزانفرۆشانە بۆ ئەم حیزبانە کرایەوە بۆ ئەوەی مافو دەسکەوتەکانی خەلکی کوردستانی تیا هەراج بکەن. یەکیك لەو دەسکەوتانە دابراویو جیایی دیفاکتۆی کوردستان بوو لە دەولەتی مەرکەزی. ئاخرین ساتو سەودای یەکیتیو پارتیش بۆ هەراج کردنی ئەم دەسکەوتە، راوەستانیانە لە پشتی ئەم رەشنوسە رەشەوە.

سەرانی ئەم حیزبانە، هاوکات لەگەل بزواندنی هەستی کۆنەپەرستانەی قەومی لە نیو خەلکی کوردستاندا، هاوکات لەگەل هاندانی خەلکی کوردزمان دژی خەلکی عەرەبزمانو تورکزمانو...، لە کاتیکدا کە خۆیان دان بەوەدا دەنین کە ئەگەر هاوپەیمانە ئیسلامیو ناسیونالیستە عەرەبەکانیان، دەستیان بروات خەلکی کوردستان ئەنفالو کیمیاباران دەکەن، هاوکات کە دان بەوەدا دەنین کە ئەم هاوپەیمانە کۆنەپەرستانەیان روانگەیەکی تەواو شۆڤینیستیان بەرامبەر خەلکی کوردستان هەیەو بە هیچ جۆریك باوەریان بە مافە ئینسانیەکانی ئەم خەلکە نیە، بەلام بەو هۆیەوە کە بەشە دەسەلاتی خۆیانیان سەلماندوە، پەیتا پەیتا خەریکن کوردستان بەکیش دەکەنەوە بۆ ئیلحاقکردنەوەی بە دەولەتی مەرکەزیەوە، دەولەتیك کە هەرکات بۆی بلوێ هەمان سیاسەتی بەعس بەرامبەر خەلکی کوردستان دەگریتەبەر.

فیدرالیزم بە مانای سپاردنی دەسەلاتو نانو ئاوی هەرناوچەیەك بە دەستەو تاقمیکی ناسیونالیستی یان ئیسلامی، لەسەر حسابی قولکردنەوەی ناکۆکیو قلشتی نیوان هاولاتیان، ئەو دەسکەوتە گەورەیەی ناسیونالیزمی کوردە کە لە بەرامبەر راپیچکردنەوەی کوردستان بۆ لکاندنەوەی بە دەولەتی مەرکەزیەوە وەریدەگریت. یەکیتیو پارتی بەوپەری فریوکاریەوە فیدرالیزم وەکو گەورەترین دەسکەوتو زامنی مافەکانی خەلك نیشاندەدەن. گوایە گرنگ نیە دەستوری وولات پشت بە شەریعەتی دارزیوو تیرۆریستانەی ئیسلامی ببەستیت، گرنگ نیە عیراق ئەفغەنە بکریت، گرنگ نیە ئەم کۆمەلگایە فیدرالیزە بکریتو هەر شارو ناوچەیەکی بە ناوی هەریمێکەوە بدریتە دەست کۆمەلیك چەتەی هاوشیوەی تالیبان، گرنگ نیە سەرەتاییترین پیوانەو بنەما مودیرنو پیشکەوتوانەکانو مافەکانی کریکارانو ژنانو لاوانو مندالانو کۆمەلانی بەرینی خەلك بخریتە ژیرپێ‌لەقەی ئاخوندو سەرەك عەشیرەتەوە، گرنگ ئەوەیە سەرانی سەوداچیو دواکەتوی ناسیونالیزمی کورد کویخای سەردلی خەلکی کوردستان بمێننەوەو بە نوینەراتی ئەم خەلکە بەشی خۆیان لە کورسی حوکمی دەولەتی مەرکەزی وەرگرن.

***

کۆمەڵگای عیراق 3 ساڵە بە نیو ڕەوتیکی خەتەرناك‌و حەساسدا ڕاپیچدەکریت، سیناریۆی دارشتن‌و پەسەندکردنی دەستور بە هەموو قۆناغەکانیەوە، حەڵقەیەکی دیکەیە لەو زنجیرە کارەساتەی کە بە شەڕو داگیرکاری‌و دەسەڵاتی داسەپاوی دەست‌و پیوەندەکانی ئەمریکا، بەسەر ئەم کۆمەڵگایەدا هینراوە. ئەم سیناریۆیە بۆ ئەبەدیەتدانە بە وەزعی کارەستباری ئیستا. ئەم ڕۆژگارانە لە میژووی کۆمەڵگای عیراقدا زۆر حەساس‌و چارەنوس سازدەبن. ئەرکیکی هەرە سەرەکی بەرەی ئازادی‌و سکولاریزم، هیزی چەپ‌و ئازادیخواز، جەماوەری کریکاران‌و ژنان‌و لاوان‌و خەڵکی ئازادیخواز، ناکام کرنەوەو بەشکست کیشانی ئەم پیلانەیە کە دەیەوێ کۆمەڵگا لە تاریکی‌و ستەم‌و هەڵاواردن‌و شەڕو نائەمنی‌و کۆنەپەرستی‌و بێ مافی‌و ئەسارەتدا نوقم بکات. مەنشوری کۆنگرەی ئازادی عیراق‌و کۆنگرەی ریفراندۆم پلاتفۆرم‌و ئاڵای خەباتن لەم پیناوەداو دەبێ لەلایەن بەرەی ئازادی‌و سکولاریزمەوە بە دەستەوە بگیرین.